# هەنگاوێکی مەزن! لەپێناو ڕاگرتنی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف



ڕۆژی شەممە 2008/3/1، هەردوو ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان و سەنتەری ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان، بەبۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەوە، سمینارێکیان لەژێرناوی"ڕێگاکانی بەرگرتن بەکەلتوری توندوتیژی وکوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف"، بەئامادەبوونی نوێنەری حکومەتی هەرێم"بەیان سامی عبدولرەحمان" ونوینەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان-مەکتەبی بەریتانا-" ڕازان جەلال"و سەرپەرشتیاری گشتی کاری پۆلیسی بەریتانیا لەسەر توندو تیژی"ستیف ئالان" و نوێنەری چەندین ڕێکخراوەی ژنان سازدا. لەم سمینارەدا کەژمارەیەك لە کەسایەتی و هەڵسوڕاوانی بووارەکانی بزوتنەوەی ژنان و کۆمەڵێك لەژنان و پیاوانی کوردی دانیشتووی بەریتانیا تیا ئامادەبوون، بەرنامەیەکی چروپرو هەمەلایەنە لەماوەی زیاتر لە 4 کاتژمیر بۆ لێکۆلینەوە و بەدواداچوونی هەموو ئەو هۆکارانەی کەدیاردەی کوشتنی ژنان و توندوتیژی لەبەرامبەر ژنانی کوردستاندا هیناوەتە کایەوە و پەرەی پیداوە خرایە دەستوورەوە.

سەرەتا گۆناسەعید، کارمەندی سەنتەری ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان، و بەڕێوەبەری سمینارەکە بەووتەیەك بەرنامەی کاری سمینارەکەی کردەوە و لەوێدا ئاماژەی بەلایەنە تال و دژوارەکانی ژیانی ژنانی کوردستان کردوو لەڕێگای خستنەڕووی چەند ئاماریکەوە سەرنجی ئامادەبووانی بۆ ئەو کارەسات وهەلومەرجە نائینسانییە ڕاکیشا کەبێدەنگی لەبەرامبەریاندا کردۆتە کردەیەکی مەحاڵ. دواتریش گۆنا بەرنامەی سمینارەکەی بەئامادەبووان لەدووبەشدا خۆیندەوە:

لەبەشی یەکەمی سمینارەکەدا، سەرپەرشتیاری پۆلیسی بەریتانیا و نوێنەری حکومەتی هەرێم و نوینەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ووتەی جیادا ئاماژەیان بەڕۆڵی دەسەلات و بەرنامەی ئەوکارانە کرد کەلەپەیوەند بە دیاردەی کوشتنی ژنان لەکوردستان و بەریتانیا ئەنجامدراون، و دواتریش ریگا درابە ئامادەبووان باری سەرنجی خۆیان لەسەر قسەوباسەکان بخەنەڕوو، سەرەنجامیش بەرپرسیاریتی تاوانەکانی کوشتنی ژنان خرایە ئەستۆی دەسەلاتداران. پاشان پانێلێك کەپێك هاتبوو لەسەوسەن سەلیم بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی کوردستان و کوردە عارف، لەریکخراوی ژنانی کورد لەلەندن و ئاسۆ کەمال نوینەری تۆری دوعا بۆ نەهێشتنی توندو تیژی، سازدرا بۆ هەلسەنگاندن لەسەر رۆڵی دەسەلات و بەرنامەیەك کەخرایەروو. لەم پانیلەدا ووتاربیژان بەگشتی لەچەندین ڕووەوە ڕەخنەیان لەحکومەت وحزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان گرت وئەوانیان وەك هۆکارو سەرچاوەیەك بۆسەرهەڵدانی دیاردەی کوشتنی ژنان و پەرەسەندنی ناساند. بەتایبەتی کە لەماوەی 16 سالی رابردوودا نەیان توانیوە دەسەلاتێکی مەدەنی وئینسانی، دابمەزرێنن و سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ژنان بەرەسمی راگەیەنن، پاشان ئاماژە بەرۆڵی دادگا و ڕاگەیاندن و بوواری پەروەردەو فیرکردن کراو رۆڵی "مەکتەبی کۆمەلایەتی" حزبەکان کەهەلدەستن بە سوڵحی عەشایەری لەکێشەکانی ژناندا، بەدەزگایەکی مەنفی و وەك بەرهەمیك لەزالبوونی دەسەلات وسیاسەتی ئەحزابی چەکدری کوردیدا ، ناسێندرا. هەروەها پانێلەکە لەدرێژەی خۆیدا تەوەرەی قسەکانی بردەسەر رەشنووسی دەستوری پیشنیارکراوی کوردستان و تێیدا رۆلی ئاینی ئیسلام لەم دەستوورەدا دایە بەر رەخنەو وەك هۆکاریك بۆ ژیر پینانی ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستانی لێکدرایەوە و داوای جیایی دین لە ئاین لەبەرامبەریدا راگەیەندرا.

وەلەبەشی دووەمی سمینارەکەدا هەریەك لە "دایانا نامی" لەڕێکخراوی مافەکانی ژنانی کورد و ئیرانی، بەهرە نوینەری یەکیتی ژنانی کوردستان، و"هۆزان محمود" ڕێکخراوی ئازادی ژن لەعێراق و "دەشتی جەمال" لەفیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقییەوە، قسەوباسیان پێشکشە کرد و هەریەکەیان لە گۆشەی جیاجیاوە بارودۆخی ژنانیان لەسایەی رۆلی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیای کورد و فەرهەنگی پیاوسالاری و سیستەمی عەشیرەتی و ئایندا خستەبەر رەخنەوە و لەئاکامیشدا چەندین پێشنیاری جوراوجۆریان لەراستای بەرگرتن بەدیاردەی کوشتنی ژنان پێشکەشکرد.

لەبەشی کۆتایدا مینبەرێکی ئازاد بۆ قسەوباسی ئامادەبووان سازدراوە چەندین کەس باری سەرنجی خۆیان خستەروو. لەدوایشدا گۆناسەعید ووتەی کۆتایی کاری سمینارەکەی بەئامادەکردنی نامەیەك کە تییدا گەلالەی پیشنیاروباری سەرنجەکانی بەشدارانی سمینارەکە لەراستای راوەستانەوە بەدیاردەی کوشتنی ژنان لەکوردستان بگرێتەخۆی، ئەنجامگیری کرد. هەرلەویشدا راگەیەندرا کەلەماوەی دووهەفتەی تردا وەفدیك سازبدری بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە بەدەستی بەرپرسیارانی حکومەتی هەریم.. بەمجۆرەش سمینارەکە کۆتایی کاری سەرکەوتوانەی خۆی راگەیاند.

ئەمە هەنگاویکی مەزنبوو، بەلام هەولەکانی ئیمە دریژەی دەبیت تا راوەستان وبنەبرکردنی یەکجاری کوشتنی ژنان و هەرجۆرە توندوتیژییەکی تر و جیگیرکردنی ماف و ئازادیەکانی ژنان و هینانەدی کۆمەلگایەکی یەکسان و ئاسودە بۆ هەموو ئینسانەکان.

ریکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان — سەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان — 3ی مارتی 2008



